# نۆرە نۆرەی خەڵکە، مافەکانی وەربگرێتەوە !

**سامان کەریم** Zaryak@yahoo.com

خوێندکاران، مامۆستایان، شاریان خرۆشان، باس باسی خوێندکاران بوون لەنیو بازاڕ لەنێو تەکسیو نێو پاصەکان، لە چایخانەو چێشتخانەکان وبێگومان لە زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییەکان، لەشارو شارۆچکەکان، باس باسی خوێندکاران بوو، ڕاگەیاندنی ئەحزابی حاکمیش بێدەنگن، کۆمەڵەی خوێندکاران زەلیل کەوتوەوو شەپۆلەکان خستویەتیە کەنار دەریا.

خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی بەسەرکەوتن گەیشت، پاشان خویندکارانی زانکۆی ئایندە هاتنە پیش بۆ کردنەوەی زانکۆکەیان، ئەوانیش مافی خۆیانە بەردەوام بن لەسەر خویندن، ناکرێت هەروا سادە، سالێکیان لەسایەی یاریکردن بە زانستو بازرگانیکردن پێیەوە لە لایەن کۆمپانیای ئایندەوە بە فیڕۆ بڕوات. یاسایەك کە زانکۆی ئایندەی پێکرایەوە لە بناغەوە بەپارە ئەو یاسایە کردرا، یاسا وەك هەرشتیکی تر لە کوردستان کاڵایە. خویندکارانی زانکۆی ئایندە پێویستە تەواوی پارەکانیان بۆ بگێردریتەوە، پێویستە تەعویزی یەك سالی تەمەنیانو یەك ساڵی خوێندنیان لە کۆمپانیای ئایندە وەربگرن، وە پێویستە بەپێی پێوانەیەك کە لەزانکۆی سلیمانی بەرێوە دەبرێ، تەواوی ئەو خویندکارانەی کە لەو پێوانانە بەرهەرمەندن لە شوینی گونجاو وەربگیرن.

پاشان مامۆستایان لە گوندو ناحیەو قەزاکانەوە دێنو خواستی گۆرینی سیستەمی خویندنو زیادکردنی موچەو دەرماڵەو دابەشکردنی زەوی دەکەن، مامۆستایان سەرەڕای پڕوپاگەندەکانی یەکێتی مامۆستایان سەرەڕای مانۆەرەکانی دەسەلاتداران، خرۆشانو وەستان، ئەمجارە باسێك نەبوو لەوەی " کە سەردانانەوێنین بۆ موچە" وتیان موچەی زیادمان دەویت، وتیان " بژی مامۆستا". مامۆستایان بە دەستکەوتی پۆزەتیفەوە کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکەیان هێنا. فیتەرەکان مقۆ مقۆی ناڕەزایەتیانە دژ بە گەندەلی بەریوەبردنی شار لەلایەن حاکمەکەی شارەوە، خواستی وەرگرتنی پارچە زەویەکیان هەیە بۆ بەردەوام بونی پیشەکەیان بۆ دوکانەکانیانو حاکمی شار دەستی دەستیان پێ دەکات لای عەرەبەتەوە بۆ تاسلوجەو لەوێش رۆشن نیە چۆن خواستەکەیان دابین دەکریت.

ئەمجارە خۆپیشاندانو نارەزایەتیەکان، یەکەم لەدەرەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانو یەکێتی مامۆستایانو یەکێتی قوتابیان لەهەولیر، هاتنە دەرەوە، ئەم ڕێکخراوانە پشتیان لەخواستی ئەو کەسانە کرد کە بەحسابی خۆیان لە پیناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا پیکهاتون، ئەوە کۆسپ نیە بەلکو ئاساییە کە ئەم ڕێکخراوانە سەربەحیزبیك بن، بەلام ئەوەی کە فرێی دانە کەنار دەریا نەك تەنها پشتکردنی ئەم رێکخراوانە بوو لە خواستی بەرحەقی مامۆستایانو خوێندکاران بەڵکو بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو مانۆری جۆراوجۆر بوو بۆ تەفرەقە نانەوەو ئابلوقەدانی خۆپیشاندانەکان. دووەم/ ئەم بزوتنەوانە، بەدوای دابینکردنی باشتر بونی هەلومەرجی ژیانو خوێندندا تەوەرەی بەستوە، بەدەوری دابینکردنی مافە مەدەنیەکانی خەڵکدا تەوەرەی بەستوە، بەدژی گەندەلی بەریوەبردنو کەلەکەبونی سامانو سەروەت لای ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسانو خاوەن کۆمپانیاکان تەوەرەی بەستوە، بەکورتی خەڵکی کوردستان پەیامی تازەی پێیە، پەیامێك کە وەلامی دەوێت. ئەمجارە نە "بەعس ماوە" نە پڕوپاگەندەی دەست تێوەردانی دەرەکی" وەستانەوەی دوبەرەی جیاواز بە دوو هیواو ئامانجی جیاوازەوە لەبەرانبەر یەکدا. هەر دولا زمانیان کوردیە "عەرەب زمان" دەسەلاتدار نیە، کورد زمان بە بەرگی مغاویریەوە تەقە لە کورد زمان دەکات بە بەرگی خویندکارییەوە، سیماکانی ئەم خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیانە بۆنو چێژەکەی تەواو جیاوازە لە وانی دیکە. زەنگی ئەمجارە، دەلێت، چی دی رازی نابین، سەرتاپای کوردستان "شاخو دەشتو شارو کێوم" ئەمجارەیان تاوی نەسەندوەو فرۆشراوە، خاوەنەکانی ژمارەیان هیجگار کەمن، لەولاشەوە گرانی بەرۆکی خەڵکی گرتوە، ئەو موچە کەمەی کە هەرواوهوریای بۆ دەکریتو گوایا زۆربوە، بەشی میوەی گونجاوی هیچ خێزانێك ناکات، چ جا بگات بە دابینکردنی تەواوی پیداویستیەکانی ژیان بەتایبەت بۆکەسو خێزانیك کە خاوەنی خانوی خۆیان نەبن، خانوی "تەجاوز!" لە کانی سپیکە قەدەغەیەو دەروخینرێت بەلام فرۆشتنی کارگەی جگەرەو چیمەنتۆو بناری گۆیژەو تەواوی دەوروبەری سلێمانیو هاوینە هەوارەکانی ناوچەی بادینانو بەرزان یاساییە، پارەوپولەکەی کوا؟

خوێندکاران، پێویستە خۆیان ڕیکخراوبکەن، پێویستە ریکخراویك پیکبهێنن کە رەمزی یەکگرتویی خواستو داواکارییەکانیان بیت، ریکخراویك کە بە توندی خواستی گۆرینی سیستەمی خویندن بکات، کە پاریزگارییەکی شیلگیر بکات لە پیوانە زانستیەکانو گۆرینی منهاجی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگاو ئاستەکانی تری خویندندا، ریکخراویك کە تیبکۆشیت لە پیناو مافە مەدەنیەکانی خویندکارانو دەست ڕاگەیشتنیان بە مۆدرینترین ئالەتو لایبرۆتۆریو صالۆنەکانی خویندنو ئەنتەرنێتو وەرزشو مۆسیقاو مەلەوانیو کتیبخانە، ریکخراویك جەسورانە خواستی جیایی دین لەخویندنو پەروەردەو بکاتە ئامانجیکی سەرەکی خۆی، جەسورانە خواستی یەکسانی ژنو پیاو ئامانجی بیت. بیگۆمان مامۆستایانیش بەهەمان شێوەو سەڕەرای جیاوازی لە خواستەکانیاندا پێویستیان بەوەهەیە کە ریکخراوی خۆیان پیك بهێنن، وە لەپیناو خواستەکانیاندا خەباتی خۆیان یەکگرتو فراوان بکەنەوە، وە جیگاو ریگای کۆمەلایەتی مامۆستا وەك توخمێکی چالاکی کۆمەلگا بەرزبکەنەوە، نەك مامۆستا ناچار بیت دوو کار بکات بۆ ئەوەی بژیوی خێزانەکەی دابین بکات، بەڵکو پێویستە ژیانی بەرادەیەك خۆشبکریت، کە بگات بەوەی بتوانیت ئاستیکی باڵا لە پەروەردەو خویندن پێشکەش بە نەوەکانمان بکەن..لێرەدا پێویستە جەخت بکەمە سەر خالێکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە، کە ئەگەر ئەم جولانەوانە خۆیان ڕیکخراونەکەن بۆ پاریزگاری لە دەستکەوتەکانیانو بۆ دابینکردنی خواستەکانی دیکەیان، ئەوا تەواوی دەستکەوتەکانی کە بەدەستهاتون، ئیمکانی وەرگرتنەوەو زەوتکردنیان لە ئارادایە.

ئەم نارەزایەتیانە، پێویستە لەئاستی نوێنەرانو ریکخراوە کانی خۆیاندا لەئاستی سەراسەری کوردستاندا یەکگرتوو بکریت وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری فراوان، کە ڕوی لە بەدیهێنانی مافە سیاسیو مەدەنی و فەردییەکانی خەڵکی کوردستان بیت، روی لەوە بێت کە دروشمی خۆی تا ئاستی پیکهێنانی دەولەتیکی سەربەخۆو سکۆلارو غەیرە قەومی لەکوردستاندا بەریتە سەرەوە، ئەم کارە، نەك تەنها ممکنە، بەڵکو عەمەلیو گونجاوە، هەنگاوی یەکەم پیکهێنانی ریکخراوەکانە. کۆمۆنیزمی کرێکاری، مانای دانە دانەی ئەو خواستانەیە، مانای زیادبونی موچەیە، مانای دابەشکردنی زەوییە، مانای دژی گەندەلیەیە، مانای داشکردنی هەلومەرجی خوێندنو زیاکردنی نانێکە بۆ سەر سفرەی هەرکەسێك کە پێویستیەتی. بۆیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حیزبی ئەو خواستانەو بەدیهێنانی ئەو خواستانەیەو هاوپشتو پشتگیری تەواوی ئەو نارەزایەتیانەیە، دەنگی سەراسەری عێراقو جیهانی ئەو خۆپیشاندانو داوایانەیە.